









ساریا بەکر پاڵەوانی کوردستان لە یاریی هێزی لەش:

# خەونم ئەوەیە لە پاڵەوانێتییەکانی دەرەوە بە ئاڵای کوردستانەوە بەشداربم

**پارێزگای هەڵەبجە لە یارییە تاکەکان شوێنی پێگەیاندنی چەندین یاریزانی بەتوانا بووە، کە توانیویانە شوێنپەنجەیان لە وەرزشی کوردستان دیار بێت، یاریی لەشجوانی و هێزی لەش یەکێکە لەو یارییانەی کە بۆ ئافرەتان هێشتا لە شارەکانی کوردستان ڕۆڵی تەواوی خۆی نەگێڕاوە، بەڵام هۆڵ و یانەکانی شارەکانی کوردستان خاوەنی چەندین یاریزانی بەتوانا و بەهرەمەندن بۆ داهاتووی ئەم یارییە، ساریا بەکر پاڵەوانی کوردستان و یەکەمی یەکەمەکانی سەر ئاستی کوردستان لەدایکبووی ساڵی ١٩٨٨ی پارێزگای هەڵەبجەیە و ئامانجی گەورەی لەم وەرزشە هەیە، ئێمەش لە نزیکەوە چەند پرسیارێکمان لێکرد و ئەویش بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی گۆڤاری گوڵانی دایەوە.**

■ دیمانە: کارزان کانەبی

*** چۆن بوو ئەم وەرزشەت هەڵبژارد؟**

- سەرەتا وەك لەشجوانی و دەستم پێکرد، تا ساڵی (٢٠١٧) بۆ یەکەمجار لە هەمووکوردستان پاڵەوانێتیی هێزی لەش بۆخانمان ڕێکخرا، منیش وەکو یاریزان هەستم کرد، کە لێهاتوویی جەستەیم بەرەوپێش چووە و یارییەکەش خۆم خواستم بۆی هەبوو، بۆیە بەشداریم تێدا کرد و ئەنجامی باشم بەدەستهێنا.

*** هەست ناکەی وەرزشێکی قورست هەڵبژاردووە؟**

- ڕاستە وەرزشێکی قورسە، بەڵام خۆشەویستیی یارییەکە وام لێ دەکات، تەنانەت لە ڕۆژانی پشوو کە هۆڵ نییە، وا هەست دەکەم شتێکم ون کردووە.

*** دوو وەرزش لە یەك کاتدا ئەنجام دەدەی، هەڵگرتنی قورسایی و لەشجوانی، لە کامەی سەرکەوتووتری؟**

- سوپاس بۆخوا دەتوانم بڵێم هەردووکی، لە لەشجوانی ئاستێکی باشم بڕیوە و لەشێکی جوانم دروست کردووە، کە خۆم زۆر لێی ڕازیم، لە هێزی لەشیش باشترین ئاستم بڕیوە و یەکەمم لەسەر ئاستی کوردستان و لە هەموو یاریزانە یەکەمەکان لە هەموو کێشەکان بەهێزترینم، بەڵام ئەوەی ئەم دوو وەرزشە بۆ من جیا دەکاتەوە ئەوەیە، دەتوانم لە هێزی لەش بەشدار بم و بچمە پاڵەوانێتییەکان، بەڵام لە لەشجوانی لەبەر کۆمەڵگە ناتوانم بەشدار بم و لەش نمایش بکەم.

*** هەست ناکەی ئەم یارییە لە ئاستی کچان بە شێوەیەکی باش لە شارەکانی کوردستان پێشوازی لێ نەکراوە؟**

- بەپێچەوانەوە لەساڵی (٢٠١٧) کە بۆ یەکمجار پاڵەوانێتی کرا، نزیکەی (١٥) یاریزان لە شارەکانی کوردستان بەشدار بوون، بەڵام تا ساڵی (٢٠١٩) ژمارەی بەشداربووان گەیشتە نزیکەی (٤٤) یاریزان لەسەرجەم شارەکان بە کەرکووك و خانەقینیشەوە، ئەمە بە پێشوازییەکی باش دادەنرێت، ئەگەر ژمارەکەش کەم بێت، هۆکاری ماددیی یاریزانە، کە بۆ چوون و بەشداری و مانەوە داهاتی دەوێت.

*** ئاستی ئەم یارییە لە کوردستان چۆن دەبینی؟**

- ئاستێکی باشی لە کوردستان هەیە، بەو پێیەی کە لە زۆربەی شارەکانی هەولێر و کەرکووك و گەرمیان و سلێمانی و هەڵەبجە بەنیازی کردنەوەی پاڵەوانێتین، ئەمە ئاستی ئەم یارییە بەرەو پێشەوە دەبات.

*** پێتوایە بۆ هێنانەپێشەوەی ئافرەتی وەرزشکار بۆ نێو ئەم یارییە دەبێت چی بکرێت؟**

- گرنگیی زیاتر بە تواناکانی ئافرەتانی وەرزشکار بدرێت و زەمینەسازییان بۆ بکرێت، هەوڵبدرێت کارئاسانی بکرێت لە کاتی پاڵەوانێتییەکان تا لە ڕووی ماددی و خەرجی ڕێگا و مانەوە هاوکاری بکرێن، یاریزانیش لە هۆڵەکان خۆیان ئامادە دەکەن.

*** وەکو کچە یاریزانێك خەونی وەرزشیت و بەرنامەت بۆ داهاتووت چییە؟**

- وەکو یاریزان دوای پاڵەوانێتیی کوردستان و بەدەستهێنانی پلەی یەکەم و یەکەمی یەکەمەکان، لە ئێستادا بۆ پاڵەوانێتیی ناوخۆ و بۆ دەرەوەش لە وڵاتی ئێران خۆم ئامادە دەکەم، بەو هیوایەم کە بەپلەی باش بگەڕێمەوە کوردستان. خەونی هەموو وەرزشکارێکیش گەیشتنە بە بەرزترین ئاست و تەندروستییەکی باش، منیش خەونم هەیە و دەمەوێت لە پاڵەوانیەتییەکانی دەرەوە بە ئاڵای کوردستانەوە بەشدار بم.

*** گرفتی ئەم یارییە زیاتر لە چیدا دەبینی؟**

- لەم یارییە هیچ گرفتێك نییە، تەنیا قسەوقسەڵۆکی خەڵك نەبێت کە دەڵێن ئەم یارییە کوڕانەیە و لە ڕووی تەندروستییەوە زیانی هەیە و یاری مەکەن، ڕاستە هەندێك جار پێکانی قورس هەیە، بەڵام ئاساییە پێکان لە هەموو جۆرە وەرزشێکدا هەیە.


*** خانەوادەکەت تا چەند هاوکاریت دەکەن؟**

- بەبێ خێزان هیچ یاریزانێك ناتوانێت هیچ ئاستێك ببڕێت، بەتایبەت لەم وەرزشە کە ڕاهێنەرەکەت پیاو بێت، پێویست دەکات هەندێك لە مەشقەکان لە هۆڵی پیاوان ئەنجام بدەین، منیش لەم سێ ساڵە بۆ سێ تیپی جیاواز یاریم کردووە.

*** ئەگەر شتێکت ماوە لە کۆتاییدا؟**

- زۆر سوپاسی ڕاهێنەرم مامۆستا فەرەیدون و خانەوادەکەم و هەر کەسێك دەکەم کە هەنگاوێکی باش لەم وەرزشە دەنێت، زۆرسوپاس بۆ گۆڤاری گوڵان بۆ خزمەتی بەردەوامی وەرزشکاران لە شارەکانی کوردستان.

# یانەکانی عێراق شەڕی بەدەستهێنانی گۆڵپارێزە کوردەکەیان دەکرد



تیپی تۆپی پێی یانەی مینای شاری بەسرای باشووری عێراق، جارێکی دی متمانەی پاراستنی تۆڕی گۆڵی یانەکەی بە یاسین کەریم گۆڵپارێزی کوردی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەخشییەوە، کە بۆ چەند وەرزێکە لە ریزی یانەی مینا یاری دەکات، ئەمساڵیش ژمارەیەك لە یانەکانی ناوەڕاست و باشووری عێراق شەڕی بەدەستهێنانی ئەم گۆڵپارێزە کوردەیان دەکرد، بەڵام دواجار هاندەرانی یانەی مینا هۆکاربوون بۆ ئەوەی یاسین لەگەڵ یانەی مینا درێژە بەکاروانی وەرزشیی بدات، لەم بارەشەوە یاسین کەریم بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «بۆ جارێکی دیکە لەگەڵ یانەی مینای شاری بەسرا درێژە بە کاروانی وەرزشیی خۆم دەدەم، هۆکاری مانەوەشم لەم یانەیە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە یانەکە بۆ من گونجاوە، ئەو دڵسۆزییەی هاندەرانیان بۆ من جگە لە ئیدارە و خەڵکانی نزیك لە یانەکە وایان لێکردم، بەردەوام بم لەگەڵ یانەی مینا»، لە بارەی هەبوونی گرێبەستی دیکەش گوتی: «هەریەك لە یانەکانی جەوییە و شورتە و نەجەف و چەندین یانەی دیکە بۆ یاریکردن لە ریزی یانەکانیان زۆر پەیوەندییان پێوە کردم، بەتایبەتی جەوییە زۆر هەوڵیدا بۆ ئەوەی یارییان بۆ بکەم، بۆ من مینا لە هەمووی گونجاوتر بوو، لە وڵاتی ئێرانیش یانەی ئیسقلالی ئێرانی هەوڵی زۆریاندا، بەڵام لەگەڵیان نەگەیشتمە ڕێککەوتن، بەهیوای ئەوەم ئەمساڵ بتوانم لەگەڵ یانەی مینا ئاستێکی بەرز پێشکەش بکەم و ئەنجامی باش بەدەست بهێنین، وەکو گۆڵپارێزی کورد هیچ کێشەیەکم نییە، هاندەرانیش لە شاری بەسرا ڕێزی زۆرمان لێ دەگرن.»




# کچانی گازی باکوور بەشداریی خولی عێراق دەکەن

تیپی فوتساڵی کچانی یانەی گازی باکووری شاری کەرکووك، دوای ئەوەی ئەمساڵ لە خولی نایابی فوتساڵی کچانی یانەکانی کوردستان نەیتوانی ئەنجامی شایستە بەدەست بهێنێت، لە ئێستادا دەستەی راهێنەران و یاریزانانی یانەکە هەوڵەکانیان چڕ کردۆتەوە، بۆ ئەوەی بتوانن لە خولە گەورەکەی عێراق ئەنجامی گەورە بەدەست بهێنن، کە بڕیارە یارییەکانی لە ١٣ی ئەم مانگە لە شاری بەغدا بەڕێوەبچێت، لەبارەی ئامادەکارییەکانیش قاسم جەمیل راهێنەری تیپی فوتساڵی گازی باکووری کەرکووك بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «ئامادەکارییەکانمان دەستپێکردوە، بەهیوای ئەوین بتوانین ژمارەیەکی قورس بین لە خولی فوتساڵی یانەکانی عێراقی، ئەم خولەش ژمارەیەك یانەی بەتوانای تێدایە و کێبڕکێ لەسەر بەدەستهێنانی ئەنجامی شایستە لە خولەکە دەکەن»، گوتیشی: «گرفتی ئێمە نەبوونی ژمارەیەك یاریزانی یانەکەمانە بەهۆی بڕیارەکانی یەکێتی تۆپی پێی عێراقی، کە ئەو یاریزانانەی بەشداریی تۆپی پێی یاریگا گەورەکانیان کردبێت، ناتوانن لەم خولەدا بەشدار بن، بە کچانی وەرزشکاری شارەکەی خۆمان بەشدار دەبین و هەموو هەوڵێك دەدەین ئەنجامی باش بەدەست بهێنین، بەهاوکاری کاپتن مەزن-یش ژمارەیەك یاریزانمان لە شاری هەولێر هێناوە.»

# فوتساڵی سیروانی نوێ بووە پاڵەوانی کوردستان

دوای ئەنجامدانی دوو یاریی فیناڵ تیپی تۆپی فوتساڵی سیروانی نوێ، توانی ببێتە پاڵەوانی خولی نایابی فوتساڵی یانەکانی کوردستان لەسەر ئاستی کچان، لە یاریی فیناڵی دووەمیش کە یاریی یەکەم بەهۆی کێشەی هاندەرانەوە تەواو نەکرابوو، تیپی فوتساڵی سیروانی نوێ توانی یارییەکە بە ئەنجامی (٥-٤)گۆڵ بباتەوە، بۆ یەکەمجاریش نازناوەکەیان بردەوە شاری سلێمانی، لەبارەی بەدەستهێنانی ئەم نازناوەش راهێنەر عەباس فەرەج بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «دوای هەوڵ و ماندووبوونی زۆر و بە یەك دەستە یاریکردن، بە هیمەتی هەموو لایەك و بە ئامادەکاریی باش توانیمان خەونەکە بەدەستبهێنین و ئەم نازناوە بۆ یەکەمجار بهێنینە شاری سلێمانی، لەبارەی خولی عێراقیش ئەمە بڕیاری یانەیە کە هیچ تیمێکی یانەکە لە ئێستادا بەشداریی خولی عێراق ناکات، چونکە باری دارایی یانەکە قورسە، هەموو تیپەکانمان لە هەردوو ئاستی کوڕان و کچان بەشداریی خولی کوردستان دەکەن، بۆیە ئێستاش چاوەڕوانی باشبوونی دۆخی دارایی دەکەین بۆ ئەوەی جارێکی دیکە بەشداری لە خولی عێراق بکەینەوە»، لەبارەی یاریزانانیش گوتی: «بەهۆی ئاست بەرزیی یاریزانەکانمان بۆندی زۆرمان بۆ هات، خۆم وەکو راهێنەر لە یانەکانی بەغدا و یاریزانەکانیش، بڕیارمان دا یاریزانەکان بەشداریی یانەیەکی بەغدا بکەن بۆ بەشداریکردن لە خولی عێراق، دڵنیام یاریزانە کچەکانم ژمارەی قورس دەبن لەو خولە، وەکو راهێنەریش ئەم ماوەیە بڕیاری پشووم داوە و لە مانگی ١٢وەك پارێزگاریکردن لە نازناوەکە خۆم بۆ وەرزی نوێ ئامادە دەکەم، بۆیە گرێبەستی شاری بەغدام رەتکردەوە، تەنیا یاریزانەکان لەگەڵ یانەی بیلادی بەشداردەبن لە خولەکە، بۆ ساڵی داهاتووش لە خولی فوتساڵی کوردستان بەرنامەی دیکەمان دەبێت.»





# دی لیخت هەڕەشەی لێدەکرێت


راهێنەری هەڵبژاردەی هۆڵەندا هەڕەشەی دوورخستنەوە لە ماتیاس دی لیخت دەکات ئەگەر وەك یاریزانی یەدەگی یانەی یوڤانتۆس بمێنێتەوە، دەشڵێت: پێویستە بە زووترین کات خۆی لەگەڵ شێوازی یاریکردنی تۆپی پێی ئیتاڵیا بگونجێنێت و ستایلی یاریکردنی ئایاکس لەبیر بکات.

ماتیاس دی لیخت لە یەکەمین یاری وەرزی نوێی خولی ئیتاڵیا لەسەر کورسی یەدەگ دانیشت و بۆ یەك ساتیش بەشداریی لە یارییەکەی نێوان یوڤانتۆس و پارما نەکرد، دوای یارییەکەش راستەوخۆ دی لیخت گوتی هەرگیز لەو بڕوایەدا نەبووم لەسەر کورسی یەدەگ بم.

لە کاردانەوەیەکدا، رۆناڵد کومان راهێنەری هەڵبژاردەی هۆڵەندا ئاماژەی بۆ ئەوە کرد، کە پێویستە دی لیخت خۆی لەسەر کورسی یەدەگ رزگار بکات، دەشڵێت: متمانەم بە دی لیخت هەیە، بەڵام دەبێت هەوڵ بدات بۆ ئەوەی خۆی لەگەڵ یانە نوێیەکەی بگونجێنێت، ئەگەرنا من بۆ یارییەکانی داهاتووی هەڵبژاردەی هۆڵەندا بژاردەی دیکە تاقی دەکەمەوە.

رۆناڵد کومان دەشڵێت: راستە دی لیخت بە گرێبەستێکی گرانبەها روویکردە یوڤنتۆس، بەڵام دەبێت دی لیخت لەوە تێبگات، کە چۆتە یانەیەك خاوەنی جۆرجیۆ کیلینی و بۆنۆچییە و دەبێت بەهێزەوە لە پاڵ ئەو بەرگریکارانە بوەستێت و رکابەرییان بکات و شتی زیاتر فێر بێت.

دی لیختی ١٩ساڵ، لە هاوینی ئەمساڵ بە ٨٤ ملیۆن یۆرۆ رووی‌کردە یوڤانتۆس و بووە گرانبەهاترین بەرگریکار لە مێژووی یوڤانتۆس و خولی ئیتاڵیا.




# پلاتەر نهێنیەک ئاشکرا دەکات

سێب پلاتەر سەرۆکی پێشووی فیفا پەردەی لەسەر بابەتێك هەڵدایەوە و ئاماژە بۆ ئەوە دەکات، کە جارێکیان فلۆرێنتینۆ پێرێز سەرۆکی ریال مەدرید بەهۆی کریستیانۆ رۆناڵدۆ خۆی لێ تورە کردووە.
پلاتەر لە لێدوانێکدا بۆ رۆژنامەی مۆندۆ دیپۆرتیڤۆی ئیسپانیا چیرۆکێکی کورت دەگێرێتەوە و دەڵێت: جارێکیان لە ئۆکسفۆرد بەشدارییم لە کۆنفرانسێکی لاوان کرد و بە قوتابییەکانم گوت مێسی و کریستیانۆ هەردووکیان زۆرباشن، بەڵام مێسی یاریزانێکە هەموو دایکێك خەون بەوە دەبینێت منداڵێکی وەك مێسی هەبێت، بەڵام کریستیانۆ وەکو رۆبۆتێك وایە تەنیا بۆ گۆڵکردن دروست کراوە.
پلاتەر دەشڵێت: ئەم قسانەی من پێرێز و کریستیانۆ نیگەران کرد، بەجۆرێك پێرێز زۆر تورە بوو، تەنانەت پەیوەندییەکی تەلەفۆنی لەگەڵ کردم و بە تورەییەوە گوتی تۆ چۆن قسەیەکی لەوجۆرە دەکەیت.
پلاتەر گوتیشی: بە پێرێزم گوت ئەم قسانە تەنیا پەیوەندی بە بۆچوونی کەسی خۆم هەیە و تەنیا بۆخۆشی ئەو قسانەم کرد.
سەرۆکی پێشووی فیفا دەشڵێت: پێرێز بەهۆی قسەکانی من ئەوەندیتر تورەبوو و یەکسەر پەیوەندییەکەی داخست.
پلاتەر ئاماژە بۆ ئەوەش دەکات کە دوای ئەم گفتوگۆیەی ئێمە زۆری نەبرد، کریستیانۆ لە ٢٠١٣ خەڵاتی باڵۆن دۆری بردەوە، ئەمەش لە کاتێکدا بوو دەرگای دەنگدان بۆ خەڵاتی باشترین یاریزانی جیهان داخرا بوو، بەڵام دووبارە دەرگایان بۆ دەنگدان کردەوە و کریستیانۆ خەڵاتەکەی بردەوە.

# لێدوانی یاریزانێکی پێشوو
# دڵەڕاوکێ لە لایەن هاندرانی ریال مەدرید دروست دەکات

میاتۆڤیچ هێرشبەری سڕبی پێشووی یانەی ریال مەدرید لە لێدوانێکی رۆژنامەوانیدا گومان لە ئاست و توانای ئەم وەرزەی ریال مەدرید دروست دەکات، دەشڵێت: بەشێکی زۆر لە یانە رکابەرەکانیان لە ریال مەدرید بەهێزترن.
میاتۆڤیچ لە دیمانەیەکی رۆژنامەوانیدا، کە لە ماڵپەری گۆڵی ئینگلیزی بڵاوبۆتەوە، جەخت لەوە دەکاتەوە، کە هەمووان لە چاوەڕوانی ئەوە بوون ئەم هاوینە ریال مەدرید گرێبەستی گەورە واژۆ بکات، بەڵام جگە لە گواستنەوەی ئیدین هازارد هیچی دیکەی گەورە روونەدا.
میاتۆڤیچ دەشڵێت: هاندەرانی ریال مەدرید پێویستیان بە یاریزانێك بوو شوێنی کریستیانۆ بگرێتەوە، کەچی تەنیا هازارد هات ئەویش ئاستی ناگاتە کریستیانۆ، بەڵام یاریزانێکی باشە، ئەگەرچی لە سەرەتای دەستپێکی لەگەڵ ریال مەدرید پێکان یەخەی گرت.
میاتۆڤیچ گوتیشی: ریال مەدرید زۆر پێویستی بە گواستنەوەی نێیمارە، ئەم یاریزانە دەتوانێت کاری زۆر گەورە لەگەڵ ریال مەدرید بکات و سوودی باشی بۆ یانەکە دەبێت.
میاتۆڤیچ ئاماژەی بۆ ئەوەش کرد، کە ریال مەدرید جارێکی دیکە یاریزانێکی هاوشێوەی کریستیانۆ نابینێتەوە، دەشڵێت: گرێبەستەکانی ئەم هاوینە نەیتوانیوە ئەو درز و بۆشاییانە پڕ بکاتەوە، کە کەوتۆتە جەستەی ریال مەدریدەوە بۆ ئەم وەرزەش زێدان ئەرکی زەحمەتە، چونکە وەك پێویست تیپەکەی ئامادە نییە.
میاتۆڤیچی تەمەن ٥٠ ساڵ، پێشتر لە ساڵی ١٩٩٦ لە یانەی ڤالنسیاوە بە ١٢ ملیۆن یۆرۆ روویکردە ریال مەدرید و نازناوی خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەوروپای بەدەستهێنا و لە کۆی ١١٨ یاری بۆ ریال مەدرید ٣٦ گۆڵ و ١١ ئاسیستی کردووە و لە ٢٠٠٣ لە یانەی لیڤانتی ماڵئاوایی یەکجارەکی لە یاریکردن کرد.

